هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٩٩) لە ٢٠٢١/٤/٢١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و ئاماژە بە هەردوو بڕگەی (چوارەم) و (پێنجەم) لە ماددەی (٤) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٥) لە ٢٠٢١/٤/٢١، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پەیڕەوی (ڕێکخستنی پاسەوانی لە هەرێمی کوردستان -عێراق).

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران